


# ڕۆژنامەگەری ئەلکترۆنی کوردی

## ئازادی لە ماڵی تەسکی حیزبەوە بۆ دونیای شوشەیی ئینتەرنێت

**سازکردنی تەوەرە – هەردی مەهدی**

**سایتەکان لە دنیای نوێدا و بەتایبەت پاش ئەو شۆڕشە ئەلیکترۆنیەی ئەمڕۆ کە روخسار و جوڵەکانی ژیانی سەرلەنوێ ڕێکخستۆتەوە، بەجۆرێك کە (خێرایی و فراوانی) ئەتوانین بە دوو سیمای هەرەدیاری ناو دنیای ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ناوزەد بکەین ، لەوەش زیاتر ئەمرۆ وەك مەترسیەك خەریکە خوێنەری لاپەڕەو کاغەزەکان کەمدەکەنەوە ، چونکە زۆرێك لە رۆژنامەکان وەك فریاکەوتنێکی خوێنەرەکانیان ئەمرۆ ماڵپەڕەکانیان لە ئینتەرنێتدا لەژمارە نایەن.. لە کوردستانیشدا ئەمڕۆ ماڵپەرەکان لە هەندێك کێشەدا رۆڵ دەبینن کە رۆژنامەکانی ناوخۆ رەنگە نەتوانن ئەو رۆڵە ببینن (ئیدی بە هەر هۆکارێك بێت)، لەوانە رۆڵیان لە هەڵبژاردنەکان و قسەکردن لە گەندەڵیەکان و کێشەی ئازادی رۆشنبیراندا کە دواترینیان کێشەکەی د.کەمالی سەیدقادر بوو، بۆ ئاشنابوون لە ئامانج و شێوازی کار و رۆڵی دەسەڵات لە ئاراستەکردنی کارەکانیاندا بە چەند پرسیارێك هەریەك لە (هیشام ئاکرەیی سەرپەرشتیاری دەنگی سەربەخۆ و ئاژانسی نووچێن کوردستان، تاهیرسالح شەریف دەستەی بەرێوەبەرانی سایتی کوردستان پۆست ، گۆران عەبدوڵا بەرپرسی گشتی سایتی دەنگەکان، ڕزگار عومەر ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری سایتی دەنگەکان)مان دواند لەرێگەی ئیمەیلی هەریەك لەوبەرێزانە.**

**لڤین: سایتەکان ئەتوانن چ کاریگەرییەکیان هەبێت لەسەر رای گشتی و ئێوە ئەتوانن لە سایتەکانتانەوە چیبکەن، جیاوازیتان لە کاری رۆژنامەکان؟**

**هیشام ئاکرەیی:** لەوانەیە هیوای زۆرمان هەبێت، بەلاّم لە هیواکان گرنگتر ئەو کارەیە کە دەکرێت وئەو توانانەن کە لە بەر دەستماندا هەن. هەر بۆیەش لەوانەیە ئامانجی سەرەکی ئێمە لەم کاتەدا و بەو ئیمکانیاتەی هەمانە، نەمانی سانسۆر بێت لەسەر هەواڵەکان و بابەتەکان. بەو مانایە گەلێ هەواڵ هەن کە ڕاگەیاندنی ڕەسمی پارتەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان بە باشووری کوردستانەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، باسی لێوە ناکەن و نایانەوێت جەماوەر بیانزانێت، ئێمە ئەو هەواڵانە بلاّودەکەینەوە. لە لای ترەوە لای تاکەکان و پارتەکان و حکومەتی هەرێم هیچ یاسایەکی بلاّوکردنەوە تاوەکوو ئێستا نییە، هەروەها دەسەلاّت دەیەوێت یاسایەك دروست بکات، ئێمە لە دەنگی سەربەخۆ دەمانەوێت لە ڕێگای کارەکەمانەوە هاوکاریبکەین لە دانان و ئاشنابوون بە یاسایەکی مودێرن و سەردەمانەو دیموکراتیك.

**گۆران عەبدولاّ** : دەمانەوێ و ئامانجمانە دەنگی ئازادی و شارستانی کۆمەلگە بین، دەنگێك بین بۆ عەدالەتی کۆمەلاّیەتی ، بۆ دیموکراسی ، دەنگی بوێری هەموو دەنگە خەفەکراوەکان بین. دەنگێك بین تاکی کورد گرێبداتەوە بە خۆشەویستییەکی گەورەو بڕوابوونێکی گەورە بە مرۆڤ ، بە جیهانی بوونی ئەندێشەکانی لە دروستکردنی سبەینێدا . جیاوازییەکان زۆرن، بۆ دەستپێکردن بە نیشاندانی ئەو جیاوازییانە ، دەبێ لە ڕیزکردنی گرفتەکانی ڕۆژنامەگەری کوردییدا دەستپێبکەین ، ڕۆژنامەگەری کوردی لە کام چوارچێوە لە دایکبوو ؟ وەلاّمی چی دەدایەوەو خۆی لە کام وەلاّم دەدزیەوە ؟! ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەرجەم ئەزموونی خۆیدا وانەیەك بووە بۆ دروستکردنی شوناسێکی کوردی، شوناسێك کە ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی ئیشکالاتی ئەم شوناس دروستکردنە ، بووە بە ئۆباڵێکی گەورە بە سەر ترازاندن و بەجێهێشتنی بازنە سەرەتاکانی ئەو ئەزموونە ، ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەلاّتی

ناوەڕاست وەکو هەموو ئەزموونەکانی تری میللەتەکانی ناوچەکە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ، قەت دەنگی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی نەبووە ، دەنگێك نەبووە لە دەرەوەی دابەش بوونەکانی دەسەڵات ، خاوەنی ئیرادەیەکی تر بوو بێ ، یان لە ژێر سایەی ڕژێمەکاندا تووتی نیزامە فاشی و داگیر کەراکاندا بووە ، یان لە بەرەی ئۆپۆزسیۆندا ، دەنگی هێزە ناسیۆنالیستی و لۆکەڵیەکانی بووە . لە ڕاپەرینی ١٩٩١دەرفەتێکی مێژوویی دروستبوو کە دەکرا دەورەیەکی تر لە ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردی دەستپێبکا بۆ دروستکرنی کایەیەکی سەربەخۆ ، دەنگێکی سەربەخۆ ، بەڵام دەسەڵاتی حزبی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هێشتنەوەی ئەزموونەکە وەکو خۆی ، خەڵکانێکی زۆر هەوڵی دڵسۆزانەیاندا، بەڵام دەسەڵاتی حیزبی نەیهێشت ، ئێستاش هەر ئەم دەسەڵاتە ساڵانە ئیحتیکاری ساڵرۆژ و یادکردنەوەی ئەم ئەزموونە دەکا ، لەم گۆشەیەوە سەرەتای جیاوازییەکان دەستپێدەکا ، کە دەسەڵات بە پێچەوانەی سەرکەوتنی لە کۆنترۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی، تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە کۆنترۆڵی دەنگە سەربەخۆکانی ئەنتەرنێت بکا ، هەرچەندە سایت هەبووە سەرەتا سەربەخۆ خۆی نیشانداوە، بەڵام ئەمڕۆ بە بەبێ ڕتووش لە باوەشی بەرژەوندییەکانی دەسەڵاتا پرخەی خەوی دێ .

بەڵام ئەم کۆنترۆڵنەکردنە بۆ دەنگە سەربەخۆکان زەمینەیەکی گەورەی بۆ نەبوونی ( سانسۆر) دروستکردووە، نەبوونی سانسۆر کەرەستەی سەرەکی سایتەکانە کە دەتوانن بە ئاراستەیەکی تەواو پۆزەتیف بۆ کاریگەرییدانان بە ڕێوەی ببەن .

**تاهیر ساڵح شەریف** : ئاشکرایە کە هەر بڵاوکراوە و ڕۆژنامەیەك مەنهەج و ئامانجێکی تایبەتی بۆ کارکردنی خۆی هەیە، دەکرێت بڵێین کە کوردستانپۆستیش، وەك ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی کوردی، مەنهەج و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە . تا ئەو جێگایەی کە پرسیارەکەتان دەگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی کارکردنی کوردستانپۆست، ئێمە پەیڕەوی لە پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەگەری ئازاد دەکەین . سەرەڕای زۆر بوونی ڕۆژنامەکان لە کوردستاندا، بەڵام ئێمە بڕوامان وایە کە لە کوردستاندا ئازادی ڕۆژنامەگەری نییە و ڕۆژنامەکانی ناوەوەی وڵات، ڕۆژنامەی ئازاد نین و هێڵی سووریان بۆ کێشراوە، یاخود بەسەرێك گرێدراونەتەوە بە دەسەڵاتەوە . سانسۆرکردنی زۆر بابەتی نووسەرانی بیر ئازاد و ڕەخنەگر، یان سانسۆرکردنی هەندێك کێشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، پرەنسیپی بنچینەیی و ڕێڕەوی کارکردنی ڕۆژنامەکانی کوردستان پێکدەهێنێت . ڕۆژنامەکانی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕێگایان پێنادرێت کە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و بێپەردە ڕەخنە لە دیاریدە دزێوەکانی وەك گەندەڵی سیاسیی و ئیداری بگرن . ڕێگایان پێنادرێت کە ڕەخنە لە کارە نا بەجێ و هەڵەکانی سەرانی دەسەڵاتی کورد بگرن. ڕێگایان پێنادرێت ئەو کێشانە بخەنە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئازادەوە کە پەیوەندییان بە سەرکردەکانی ئەمڕۆی کوردەوە هەیە . کاتێك کە ڕۆژنامەکانی کوردستان، لەلایەن دەسەڵاتەوە بەو شێوەیە چوارچێوەی ئەرك و چالاکییەکانیان سنووردار دەکرێتەوە و هێڵی سووریان بۆ دەکێشرێت، ئیتر ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری ئازاد، مانایەکی نامێنێت لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا . لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە تاریکەی کە ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵیدا بەرەو ڕوو بووە، ئێمە



هیشام ئاکرێیی سەرپەرستیاری دەنگی سەربەخۆ و ئاژانسی نووچێن کوردستان

ڕێگایەکی دیکەمان هەڵبژاردووە بۆ کارکردن . ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین کە ڕۆژنامەگەری کوردی لە قەیدوبەندەکانی دەسەڵات ڕزگاری بێت و ڕۆژنامەکان ئازاد بن . ئێمە دەمانەوێت، نەوەیەکی نوێ لە ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی بیر ئازاد پەروەردە بکەین و پێبگەیەنن کە شەرم لە دەسەڵات نەکەن و ڕاستییەکان وەك خۆیان بنووسنەوەو بەگوێ و چاوی خوێنەری کوردی بگەیەنن .

ئێمە بڕوامان وایە کە لە سایەی گەشەکردنی تەکنەلۆژیای زانیاریدا، شۆڕشێکی سپی و بێ خوێنڕشتن لە ناوجەرگەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بە شێنەیی بەرپا بووە و ئەم گۆڕانکاریی و شۆڕشەش لە ژێرخانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، درەنگ یان زوو هەموو پەیوەندییە سەرخانییەکانیش دەگرێتەوە . بواری ڕۆشنبیر و کلتووریش، وەك بەشێك لە پەیوەندییە سەرخانییەکان، لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە بەدەرنابن . بە چاو پۆشین لەلایەنە نێگەتیفەکانی ئەو شۆڕشە سپییەی کە لە حاڵی ڕوودانداپە، یەکێك لە لایەنە پۆزەتیفەکانی ئەوەیە کە کۆمەڵگە داخراوەکان دەکاتەوە و بەم پێیەش دەسەڵاتە ئیستبدادی و داخراوەکانیش، یان دەیانکاتە چیرۆکە بەسەرچووەکان، یان ئەوەتا دەبێت ئەو شێوە دەسەڵاتانە لە بناغەوە ئەقڵی خۆیان بگۆڕن و قبوڵی ئەو یاسایانە



سایتی کوردستان پۆست

بکەن کە ئەم شۆڕشە سپییەی تەکنەلۆژیای زانیاری بەسەریاندا دەیسەپێنێت، کە یەکێك لەو یاسایانە، یاسای رۆژنامەگەری ئازادە . ئێمە دەمانەوێت، دەسەلاتی داخراوی کوردی لەم ڕاستییە تێبگەیەنین کە ئەم شۆڕشە سپییە، سەردەمی سەرکردەپەرستی خستووەتە پەراوێزی مێژووەوە . سەرکردە، کۆمەڵگە دروستی دەکات و ئەویش مرۆڤێکە، وەك هەر مرۆڤێکی دیکەی کۆمەڵگە . لە ڕوانگەی ئەم شۆڕشە سپییە نوێیەوە، مرۆڤێکی ئاسایی کۆمەڵ، چەندە پیرۆزە، سەرکردەش هەر ئەوەندە پیرۆزە .

ئەگەر هەڵەکانی سەرکردەکان لە ڕێگای ڕەخنە گرتنەوە ڕاست نەکرێنەوە، ئەگەر ڕەخنە لە سەرکردەکان و لێپرسراوانی دەسەلات یاساغ بکرێت و ڕەخنەگر بە ٣٠ ساڵ زیندانی مەحکوم بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە، سەرتاپای کۆمەڵگە لەگەڵ گەندەڵیدا بەرەو ڕوو دەبێتەوە و هەڵەکانی سەرکردەو لێپرسراوانی دەسەلات، کارەساتە ئابوری، سیاسیی و کۆمەلایەتییە یەك بەدوای یەکەکان بە دوای خۆیاندا دەهێنن . ئێمە دەمانەوێت کە نووسەر، ڕەخنەگر و ڕۆژنامە نووسیی کورد، لەم شۆڕشە سپی و پرۆسێسە نوێیەدا، ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان بگێڕن و ڕیفۆرمێکی دیموکراتی هەمەلایەنە کە پێویستە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بکرێت، ئەوان ببنە هێزی بزوێنەری. ئێمە ئەم ئەرکەمان لە ئەستۆی خۆمان گرتووە و کار بۆ ئەوە دەکەین کە ڕەوەندی ئەم ڕیفۆرمە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە پشت بەستن بە میکانیزمەکان و دەستکەوتەکانی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیاری، کە ئینتەرنێت یەکێکە لەو میکانیزم و دەستکەوتانە، خێراتر بکەین .

هەر خوێنەرێك کە سەردانی کوردستانپۆستی کردبێت و شوێنپێی نووسراو و بابەتە سیاسیی و تیۆرییەکانی ئێمەی هەلگرتبێت، باش ئەوە دەزانێت کە گوتاری ڕۆشنبیری ئێمە چییە. ئێمە لە وتار و نووسراوەکانماندا ئامانجەکانی خۆمان ڕوونکردۆتەوە . یەکێك لە کێشە هەرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کێشەی نەبوونی ئازادی بیروڕاو ڕەخنەگرتنە. ئەم کێشەیە، کێشەیەکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستدەبێتەوە بە چەمك و زارەوەی دیموکراتییەوە. زاراوەی دیموکراتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، زاراوەیەکی پووچ و بێناوەرۆکە . ئێمە دەمانەوێت دووبارە پێناسەی دیموکراتی بکەینەوە و دیموکراتییەکی لنگەوقوچکراو هەستێنینە سەر پێکانی خۆی . کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە ڕیفۆرمێکی دیموکراتی هەیە و دەبێت ئەم کۆمەڵگەیە دیموکراتیزە بکرێت، گەر ئەو کارە نەکرێت، بەبڕوای ئێمە کۆمەلگەی کوردی لەگەڵ کارەساتی گەورەتر و تراژیدیتردا بەرەو ڕوو دەبێتەوە . هەروەك لە بەیانی ڕاگەیاندنی پێکهاتنی دەستەی نووسەرانی کوردستانپۆستیشدا ئاماژەی پێکراوە، ئێمە دەمانەوێت نەوەیەکی نوێ لە ڕۆشنبیرانی کچ و کوڕ پەروەردە بکەین کە بیریان ئازاد بێت و سەرکوتی فیکری نەکرێن لە لایەن دەسەلات و کۆمەڵگەوە . ئەم نەوەیە دەبێت، نەوەیەکی شەرمن نەبێت لەبەردەمی دەسەلات و دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەدا . مرۆڤی شەرمن، کاراکتەرێکی تێکشکاو و لاوازی هەیەو ناتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا .. بە بۆچوونی ئێمە ، کلیلی ئەو ئاڵوگۆڕە، دیموکراتیزە کردنی دەسەلات، سیستەمی پەروەردە و چەسپاندنی کۆمەڵە یاسایەکی دیموکراتییە کە دووبارە ژیانی ئابووری، سیاسیی، کۆمەلایەتی و کلتووری کۆمەڵگەی کوردی پێناسە بکەنەوە. ئێمە بە دوای ئالوگۆڕ و ڕیفۆرمێکی دیموکراتی لەو جۆرەوەین . دڵنیایشین کە ئەو ئاڵوگۆڕە زەمینە بابەتییەکەی لە بارەو تەنها ئامادەکردنی فیکری جەماوەری پێویستە .

**لڤین : ئازادی ئەم سایتانە تا چەند فراوانترە لە ئازادی رۆژنامەگەری لە کوردستان؟**

**هیشام ئاکرەیی:** دەتوانین بڵێین کە تاوەکوو ئێستا سایتەکان ئازادن و هەر کەسێك ئازادە لە بلاوکردنەوەی بابەت و ئەو هەوالانەی پێیان باشن، سانسۆری ئەو سایتانە لە یاسا و پارتەکان و دەسەلاتەوە نایەت، بەڵکوو لە خۆیانەوە دێت.. بۆ نموونە زۆربەی سایتەکان ئەو بابەتانە بلاوناکەنەوە کە دژی بیرباوەڕی خاوەنی مالپەڕەکەن یان خاوەنەکانی مالپەڕەکەن، کەواتە سانسۆرەکە لە خۆیانەوە دێت.. دەنگی سەربەخۆش ١٠٠٪ ئازاد نییە چونکە هەندێ مەرجمان داناوە بە ناوی میساقی شەرەفی رۆژنامەگەری کوردستان و بەگوێرەی ئەو مەرج و مافانە ئازادی هەموو تاکەکان دەپارێزین.. لەوانەیە کەسانێك پێیخۆشبێت جنێو بنووسێت، بەلام ئەو کەسە ئازاد نییە لە جنێودان هەتا بە خودی خۆی. ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە گرنگی بە هەموو بیروباوەڕەکان دەدەین هەر لە ئیسلامییەوە تاوەکوو کۆمۆنیستی

و نەتەوایەتی و لیبراڵی و ئاتەئیست. لە وێدا دەڵێین کە سنووری ئازادی لای ئێمە بەقەد سنووری ئازادییە لە ئەوروپا.

**تاهیر ساڵح:** لەوەڵامی پرسیاری پێشووتاندا ئاماژەم بۆ ئەو جیاوازییە کرد و تەنها جەختکردنەوەیەکی کورت پێویستە دووبارە بکەمەوە. بەداخەوە لە کوردستاندا ئازادی ڕۆژنامەگەری نییە و شتێکیش کە بوونی نەبێت، ئەوا ئێمە ناتوانین پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ بکەین. لە کوردستاندا ڕۆژنامەکان لە ژێر سانسۆردان و ناتوانن کێشەکانی میللەتەکەمان بەو شێوەیە بخەنە ڕوو کە لە ئەنجامدا بیروڕای گشتییان لەسەر دروستبکەن. ئەرکی ڕۆژنامەگەری ئازاد، ئەوە نییە کە هەڵەو گەندەڵییەکانی دەسەلات بشارێتەوە و سەرنجی جەماوەر لەسەر ئەوانە دوور بخاتەوە، بەڵکو ئەرکی ڕۆژنامەگەری ئازاد ئەوەیە کە چاودێر بێت بە سەر گەندەڵییەکانی دەسەلات و لێپرسراواندا و ئەو گەندەڵییانە ئاشکرا بکات بۆ جەماوەر . ڕۆژنامەگەری ئازاد لە کۆمەڵگە دیموکراتی و مەدەنییەکاندا دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، وەك هەموو دەسەلاتە مەدەنییەکانی تری کۆمەڵ، بەلام لە کوردستاندا ئێمە شتێك نابینین بە ناوی دەسەلاتی ڕۆژنامەگەرییەوە . کاتێك ڕۆژنامەگەری بۆخۆی دەسەلاتێك نەبێت، ئەواهیچ سەربەخۆیی و ئازادییەکیشی نابێت . ئێمە لەدەرەوەی ئەو چوارچێوە سنووردارکراوەداین کە دەسەلات بۆ ڕۆژنامەگەری کوردی دیاریکردووە .

ڕزگار عومەر : قسەی لە سەر نیە لە بواری فراوانی وسنوری ئازادی دا دوو دونیای جیاوازن ! چ ئێوە وەکو دەستەی نووسەرانی گۆڤار لڤین ، چ خوێنەرانی ئەو قسانەی من پەی بەوە دەبن کە ئازادی نووسین لە دونیای ئەنتەرنێتدا پەیوەندیەکی بە کوردستان و بە دەسەڵاتی کوردیەوە نیە ، ئەم وەزعە هیچ بە دڵی دەسەڵات نیە ، ئاخر ئەو لە پراکتیکی خۆی ، لە عومەری ١٥ ساڵی حوکمی خۆی ، ڕۆژنامەکانی مۆڵەت پێ دەدا یان لێ ی دەستاندنەوە ،لە ژێر سایەی ئەم حوکمەی ئەواندا کەم نەبوون ئەو سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازانەی ڕۆژنامەکان لەسەر بلاو کردنەوەی رەخنەی تەنانەت زۆر سادە لەو دەسەلاتە تووشی گرتن و دادگا دەبوون ، تووشی گرفت دەبوون و لە جیاتی وەزیری ڕۆشنبیری لە گەڵیان دابنیشێ ، وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی شەخسی وەزیر ، یان لە ڕێگەی نەقیبێکی ئاسایشەوە بە فیزو دەسەلاتەوە دەیهێنان و دەیبردن ، تا وەزارەتی ناوخۆ تەدەخول لە ڕۆژنامەگەری بکا قسە کردن لە سەر ئازادی نوکتەیەکی بێ تام و رەزا قورسە .

ئازادی لە ئەنتەرنێت پەیوەندی بە نووسینی عەریزەو مۆڵەت نییە لەوەزارەتی ناوخۆی کوردی ، ئەگەر پەیوەندی هەبوایە لە چاوەڕوانی وەلام نەك ئێمە ، بەڵکو منالەکانیشمان پیر دەبوون و کاکی وەزیر مەجالی ئیمزا کردنی هەر نەدەبوو ، بیرۆکراتیەتی دەسەلاتی کوردی زۆر لە بیرۆکراتیەتی دائیرەکانی سەردەمی عوسمانی دەچێ ، لۆژیکی ئەم بیرۆکراتییەتە هەمیشە دوو ئیختیارت لە پێش دادەنێ یان مەعاشخۆر و تووتییم بە ، یان مەعاشخۆرم بەو بێدەنگبە ! ئەوانەی سایتە سەربەخۆکانی ئەنتەرنێت بەڕێوەدەبەن ، دیلی دەستی ئەم مەعاشە نیین ، دیلی دەستی ئەوە نیین کام چاپخانەی هەولێر یان سلێمانی لە ترسی دەسەلات یان لە ترسی فلان مەلا ڕۆژنامەکەت بۆ چاپ ناکەن ، ئەم فاکتەرانە لە پاڵ پێویستیەکان و پێشکەوتنەکانی دونیای ئەمڕۆ کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە هێشتنەوەی



گۆران عەبدوڵا بەرپرسی گشتی سایتی دەنگەکان

کایەی ئەم ئازادیە لە ئەنتەرنێتدا ، ئەنتەرنێت لە دەرەوەی دەسەڵاتە لۆکەڵییەکان تەعبیرە لە مێژوویەکی تازە، وەکو ڕوژنامەیەك نییە پۆلیسێك بنێری بە دوای ماڵی سەرنووسەرەکەی لە گەڕەکی سەرچناری سلێمانی یان لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر، زەمانە گۆڕاوەو دەسەڵاتی کوردی نایەوێ لەم لەزەتە پاتریارکیەی خۆی بێداربێتەوە .

**لڤین : ئایا دەسەڵاتەکانی کوردستان ئەتوانن سانسۆرتان بکەن؟ یاخود لە داهاتوودا مەترسیان دەبێت لەسەر کارەکەتان؟**

**هیشام ئاکرەیی:** بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتدارانی کوردستان ناتوانن سانسۆرمان لەسەر دابنێن و ڕێگا لەبەردەم بڵاوکردنەوەی بابەتەکان و هەواڵەکان لە ئێمە بگرن، نەك لەبەر ئەوەی دەسەڵاتیان نییە، بەڵکو چونکە ئێمە بە گوێرەی یاسا کاردەکەین و یاسایەکی نێونەتەوەیی دەمانگرێتەوە. هەر بۆیەش ئێمە باسی شۆڕشی پرتەقاڵی دەکەین لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا. شۆڕشێك هەموو سانسۆرێکی نایاسایی و نادیموکراسی لە سەر ڕاگەیاندن هەڵبگیرێت. لەو یاسایەدا سانسۆر لەسەر بیروڕا وهەواڵەکان نییە، بەلام لە هەمان کاتیشدا ڕێگا نادرێت سووکایەتی بە خەڵك بکرێت و قسەی ناشرینیان پێبوترێت، بەلام ئەوە مانای ئەوە نییە ئەگەر کابرایەك دز بێت یان جاسووس بێت یان خائین بێت لەسەری



ڕزگــــار عومــــەر ئەنـــدامی دەســـتەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان

**ئەوان لە ئەنتەرنێت ناترسن ئەگــەر ئەنتەرنێت لە بواری وەزیفە وەکــو بەرنامــەی گـــۆڕانی داوەکـــراوی لێبێت، حیزبـەکان لـەم گۆشـەیەوە ترسیان لـە ئەنتـەرنێت هەیـە ، کـە ئەنتــەرنێت باســی خۆپیشـــاندانی کـەلارو ڕانیـەو ئـاکرێ و ڕەحیمـاوا دەکا ، کە لە ئەنتەرنێتـدا شـەڕێکی گەورە دژ بـە فەسـادی ئیـداری لـە ئارادایە .**

نەنووسـرێت چـونکە دەسـەڵاتی هەیـە. هاوکات پێویستە کاری ئاوایی دێکومێنتی لەگەڵـدا بێـت، مـەرج نییـە ئـەو دێکومێنتانـە بلاوبکرێنـەوە بـەڵام ڕۆژنامە یان بەپرسیاری ماڵپەڕ بۆ کاتی پێویست هەڵیاندەگرێت.

ڕاگەیاندن جگە لە ئەرکی چاودێری، بۆ ئاشکراکردن و گەیاندنی ڕاستییەکان هاتوونەتە ئاراوە، هەر ڕاگەیاندنێك بە ئازادی باسی هەندێ شت بکات و هەندێ شتی تریش بشارێتەوە، ڕاگەیاندنێکی مونافیق و نا دیموکرات و گێرەشێوێنە. تاوانە کاتێك ڕاگەیاندن باسی خراپکاری فەراشێك دەکات و واز لە خراپەکارییەکانی بەڕێوەبەرەکە دێنێت، تاوانە کاتێك ڕاگەیاندن کارێك یان کردەوەیەکی نایاسایی بلاودەکاتەوە بەبێئەوەی بە خەڵکەکە بڵێت.

هەر بۆیەش لەم تێڕوانینەوە، دەسەڵات ناتوانێت سانسۆرمان لەسەر دابنێت، چونکە بە گوێری یاسای بلاوکردنەوە، تاوانە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنی هەواڵ و ڕاستییەکان لە خەڵك بشارێتەوە. کاتێك ڕۆژنامەوان چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکێك دەکات، پێویستە بزانێت کە ئەو کورسییەی لەسەر دانیشتووە پارەکەی لە کوێوە هاتووە و ئەگەر هی ناشەرعی بێت، پێویستە ڕۆژنامەوان بیڵێت و بینووسێت.

**ڕزگار عومەر :** هەر لە ڕۆژی دەستبەکاربوونی دەنگەکانەوە ئەم کارە کراوەو بەردەوامیش دەبێ، بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەشتان دەکرێ لە زۆر گۆشەوە وەڵام بدەینەوە .

دەسەڵات دەتوانێ سانسۆر بکات یان نا ؟ دەسەڵاتی کوردی بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەنگی سەربەخۆی ئەنتەرنێت ، تا ئێستا چەند ڕێگایەکی بەکارهێناوە ،کۆنەپەرسترین ڕێگا کە دەستی بۆ بردووە بریتی یە لە تۆڵە سەندنەوە لە ڕۆشنبیر یان نووسەر لە کاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان ، نیشاندانی یاساکانی فاشیزمی بەعس بە نووسەران وەرەقەیەکە دەسەڵات هەتا ئەمڕۆش ئەکتیڤانە بۆ ڕووبەڕبوونەوە بەکاریدێنێ، ڕێگایەکیتر بریتیە لە کڕینی بەڕێوەبەری سایتەکان ، لە کڕینی نووسەرە ناودارو غەیرە ناودارەکان ، دوا ڕێگاش کە ئێستا خەریکیەتی بریتیە لە دروستکردنی سایتی ئەنتەرنێت کە ڕاستەوخۆ لە لایەن دەسەڵاتەوە بەڕێوە دەبرێت ، چاوخشاندن بە سایتە کوردییەکان و بە هەڵوێستەکان ڕاست و دروستی ئەو بۆچوونانە ڕوون دەکاتەوە ، ئەوان لە ئەنتەرنێت ناترسن ئەگەر ئەنتەرنێت لە بواری وەزیفە وەکو بەرنامەی گۆڕانی داوەکراوی لێبێ ، ئەوان لەم گۆشەیەوە ترسیان لە ئەنتەرنێت هەیە ، کە ئەنتەرنێت باسی خۆپیشاندانی کەلارو ڕانیەو ئاکرێ و ڕەحیماوا دەکا ، کە لە ئەنتەرنێت شەڕێکی گەورە دژ بە فەسادی ئیداری لە ئارادایە ، لەوەوە ترسیان لە ئەنتەرنێتەوە هەیەوە کە دەنگی بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکان بە حورمەتەوە لە پاڵ دەنگی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان ڕیز کراوە ، ئەوان لە ئەنتەرنێت دەترسن چونکە تەعبیرە لە ئاینده و ئەوانیش دەیانەوێ کۆمەڵگە لە ڕابردوو بهێڵنەوە .

**تاهیر صالح شەریف:** نەخێر، چونکە ئێمە سایتێکی ئینتەرنێتین و لە ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی کورددا نیین . خۆشتان دەزانن کە جیهانی ئینتەرنێت، جیهانێکی ئازاد و بێسانسۆر و بێ سنوورە . دیارە ئینتەرنێتیش کۆمەڵێك یاسای خۆی هەیە و ئێمە پەیڕەوی لەو یاسایانە دەکەین بۆ ئەوەی کە هیچ لایەك نەتوانێت بەو ئاسانییە ڕووبەڕووی ئێمە بووەستێتەوە و کێشەمان بۆ دروستبکەن، یان ڕێگری بخەنە بەردەمی کارەکانمانەوە . کوردستانپۆست، سایتێکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕەخنەگری دەسەڵاتە و بەردەوامیش ئێمە لەسەر گەندەڵییەکانی دەسەڵاتدارانی کورد دەنووسین، بەڵام ئەوان ناتوانن مەترسییەك بن لەسەر خودی کوردستانپۆست وەك ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ئازاد . بۆ ئاگاداریشتان، لایەنێك زۆر هەوڵیدا کە کێشەی یاساییمان بۆ دروست بکات، بەڵام هیچ کارێکیان لەگەڵ ئێمەدا بۆ نەکراوە و هیچیشیان پێناکرێت، مەگەر ئەوە ناو بەناوە هەڕەشەی کوشتنمان بۆ بنێرن، کە ئەوەش بۆخۆی خاڵی لاوازی ئەوان دەبێت لەبەردەمی ئێمەدا، چونکە ئێمە دەتوانین لەهەر کاتێکدا کە بمانەوێت، دەتوانین بە خودی نامەی هەڕەشەکانیان، بەرپرسانی ئەو لایەنە بکێشینە بەردەم دادگاو یاساوە لەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین .